Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Telefax: 020 – 6935915

# یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــــــا"

# Koerdische Vereniging in Nederland "Midia"

ڕۆژ:2005/03/05

ژمارە: 34-05032005.KVN. SA

## یادی 17 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفالی کوردستان

## بەشداریت پشتگیرییە لە دادگایی قاچاخچی چەکی کیمیاوی

## فرانس ڤان ئەنرات

بەڕێزان،

سڵاو،

بە هاوکاری کۆمیتەی ئامادە کاری یادی هەڵەبجە و بەشداری یانەی کوردی "میدیا" لە هۆڵەندە لە ژێر دروشمی (با هەمووومان بە هەموو ڕەنگەکانەوە لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە)، بەناوی هەموو بەشەکانی یانەکەمانەوە لە (ئەمستردام، ڕۆتردام، لیواردن، ئەنیشخدەی، دێلفت، هەنگلۆ، زوتەمیر، ئوتریێخت، تیلبورخ و ئەنجومەنی گەنجان و ژنان) ، داوا لە هەموو ئەندامان و دۆستانمان دەکەین بەشداری یادەوری قوربانیانی ئەم یادە دڵ تەزێنانە بکەن.

یانەی کوردی "میدیـا"ش بە چەند چالاکییەك بەشداری دەكات و ئەندامی چالاکی "میدیـا" هونەرمەند پشکۆ گورجی لەم ڕۆژەدا پەردە لەسەر پەیکەرێك بۆ ئەم یادە پیرۆزە لادەدات.

شایانی باسە ڕێکخراوەکانی تریش مەراسیمێکی شایستەیان بۆ یادی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە ڕێك خستووە، تیایدا بابەتی هەمەجۆر لە نمایش کردنی تابلۆی زیندووی کارەساتی کیمیا بارانەکە لە ناو جەماوەر و دانانی گوڵ لەسەر وێنەی عومەر خاوەر و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و شیعر و مۆسیقاو گۆرانی بۆئەم بۆنەیە پێشکەش دەکرێت. هەروەها ووتاری سیاسی پەرلەمانتاران و پارتە سیاسی یە هۆڵەندی و کوردستانی و دۆستانی کورد و پارێزەری کوردەکان بۆ دادگایی فرانس ڤان ئەنرات پێشکەش دەکرێت.

کات : 13,30 یەك و نیوی پاش نیوەڕۆ

ڕۆژی یەك شەممە ڕیکەوتی 13-3-2005

شوێن : گۆڕەپانی Leidseplein – ئەمستردام

بۆ پەیوەندی chak_org@yahoo.com، kvn.midia@gmail.com

تەلەفۆن: 0626946619 , 06-47988634

لیژنەی

سەرپەرشتی یانەی کوردی لە هۆڵەندە

"میدیـــا"

Anfal u Halabja/ Breif